# خەزرەجی لە هەگبەی پڕوپاگەندەدا

هانس داڤیدسن

و-گۆران هەڵەبجەیی

- یەکشەمە ٣/١٦ پۆلیسی باژێڕی ڕینگستد وەك کارێکی ڕۆتین نزیك کاتژمێری ١١ تەلەفونیان بۆ ماڵی خەزرەجی کرد. هاوسەرەکەی وەڵامی دایەوە کە مێردەکەی سەرخەویێك دەشکینێت بۆیە ناتوانێت تەلەفوون هەڵگرێت .
- دووشەمە ٣/١٧ کاتژمێر ٨. ٢٥ دەقیقە کوڕەکەی خەزرەجی پۆلیسی ئاگادارکرد کە باوکی دیارنیە . گووتبووی پاش ئەوەی چووەتە دەرەوە بۆ جگەرەکێشان نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە.دەماودەم چەندین مەفرەزەی پۆلیس کەوتنە گەران لەشارو دارستانەکانی دەوری شاردا. بۆئەم مەبەستەش چەندین سەگی زرنگیشان بەکارهێنا، بەڵام هیچ سۆراغێکی نەبوو.
- سێشەمە ٣/١٨ ووتە بێژێك بەناویINC لە لەندەن ڕایگەیاند کە خەزرەجی گەشتووەتە عەرەبیەی سعودی.هاوکات ئەم هەواڵە لەلایەن ڕۆژنامەی{ ئەکسترا بلادە}شەوە پشتڕاست کرایەوە.
- چوارشەمە ٣/١٩ گروپێکی تورکومانی گومانلێکراو بەe-mail نامەیەکیان ئاراستەی دەزگای هەواڵنێری دانیمارك Ritzaus کرد، تێیدا بەرپرسی خۆیان ڕادەگەیەنن لەفڕاندنی خەزرەجی. بەپێی نامەکە ئەم کارە دەچێتە چوارچێوەی تێکۆشان بۆوەدیهێنانی مافەکانی گەلی تورکومان لەعێراقدا.
- پێنج شەمە ٣/٢٠ یەکێك لەدۆستە نزیکەکانی خەزرەجی و هاوکات سەرچاوەیەکیش لە ئۆپۆزشیۆنی عێراقی لەلەندەن ڕایانگەیاند کە خەزرەجی ئێستا لە ولاتی کوێتە.ئەم هەواڵە ڕۆژنامەی{ Jyllands-Posten} بڵاویکردەوە کە لە ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەتی وەرگرتبوو.
- هەینی ٣/٢١ دیسان Jyllands-Posten هەواڵێکی دیکەی لەشەرق ئەلئەوسەتەوە وەرگرتووە کە پەیامنێریان لەکوێتەوە ناردوویەتی، دەبێژی ڕۆژی چوارشەمە خەزرەجی و هەشت ئەفسەری کۆنی سوپای عیراقی لەڕێگەی تورکیاوە خۆیان گەیاندوەتە کوردستان . هاوکات ڕۆژنامەیئەلقدس ئەلعەربی بڵاوی کردەوە کە خەزرەجی لەناوەندێکی مەشقی ئەمریکیە لە یەکێك لە وڵاتانی ئەورووپی{ مەبەست هەنگاریایە - و}.بەڵام سەرچاوەکانی ئەمریکی و هەنگاری هەواڵەکەیان بەدرۆخستەوە.
- شەمە ٣/٢٢ ڕۆژنامەی B. T لەدەستپێشخەریکی ڕۆژنامەوانیدا پلانی دەرکردنی خەزرەجی ئاشکراکرد کەلەلایەن CIAوە ئەنجام درابوو. ڕۆژنامەکە بەجۆرە باس لەپلانەکەدەکات:
- چوار لەپیاوانی CIA بە ئۆتۆمبیلێکی فۆردی ڕەش مۆدیل Mondeo خەزرەجیان لە پەنایەکدا دوور لەچاوی خەڵك سواری ئۆتۆمبیلەکەیانکرد . پاشان بەناوباژێڕی Mogenstrup دا بەرەو motorvey {هێڵی خێرا}لەوێشەوە بەسەر پردی Faroدا پەڕینەوە. ئەوجا بەخیرایی بەرەو بەندەری Rodby و پەڕینەوە بەکەشتی بارهەڵگر بۆباژێڕی Puttgarden ی ئەڵمانی. لەوشارەیشەوە بە ئاکاری هامبۆرگ بەهەمان ماشین ڕێگەیان گرتەبەر. تاگەشتنە فڕۆکەخانەیەکی میلیتار لە گوزەری باژێڕی هامبۆرگ. لەوێ بە فڕۆکەیەکی پریڤات لەچەشنیGolfstream خەزرەجیان گواستەوە بۆ عەرەبیەی سعودی، تاوەك ڕاوێژکار زانیاری سەربازی سەبارەت بەسوپای عیراقی لێوەرگرن. لەم بارەیەوە پشکنیاری کەرتی جنایات لەپۆلیسی باژێڕی Ringsted { Erik Andersen}گووتی ئەوزانیاریانەی B. T داویەتی هیچ سەرسامیەکی تێدانیە، وەدەتوانم تەئکید لەسەر ئەوەش بکەم کە ئەوزانیاریانەی لامانە دەریدەخەن کە CIA ڕۆڵیان لە وونبوونی خەزرەجیدا هەبووە.
- سێشەمە ٣/٢٥ بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەیJyllands-Posten و ڕۆژنامەی{ مەدینە} ی سعودی لەوانەیە خەزرەجی یەکێك بێت لەو تاقمەی لەداهاتوودا دەسەڵات دەگرن. لەهەمان هەواڵدا هاتوە کە خەزرەجی بەنیازە لەنزیکی بەسرە شوێنێکی سەرەکی وەدەستبهێنێت ئەوجا باژێرەکە داگیربکات.
- چوارشەمە ٣/٢٦{ پێبکەنن بە دانیمارك}ئەمە مانشێتی ڕۆژنامەی ئەکسترا بلادە بووکە دەبێژی لەسەرچاوەیەکی نەناسراوەوە هاتوە کە هەفتەی پێشوو خەزرەجی گەشتووەتە بنکەی سەرەکی سەربازی ئەمریکی لە قەتەر. گەرەکە لەوێوە

www.kurdistannet.org
4-4-2003 0:02

پەیوەندی بەئەفسەرە مەزنەکانیسوپای عێراقیەوە بکات بۆ هاوکاری و خۆبەدەستەوەدان٠ هاوکات کەنالی چواری تەلەفزیۆنی ئینگلیزیش هەمان هەواڵی ڕاگەیاندووە٠

لەم بارەیەوە جەنەراڵ تۆمی فرانکس گووتی بۆچی بۆچی دەبێت خەزرەجی لەکوردستان بێت، گەرلەوێبێت زیانی لەسوودی پتردەبێت .

دوێکە باسێکی وا لە ئارادابوو کە گوایە خەزرەجی لەفرۆکەخانەی ئەستلاند ڕۆژی ٣/١٥ کاتژمێر ١٦:٥٠ بینراوە کە خەریکی تەلەفونکردن بووە بۆ چەندکەسانێك لە ئەمەریکا، بەریتانیا، کەنەدا، هۆڵەندە، لوبنان، عەرەبیەی سعودی، نەمسا وگرۆنلاند٠

ڕۆژنامەی پۆلەتیکن ژمارە ١٧٧

چەند سەرنجێکی وەرگێڕ:

١. بەپێی نوێترین هەواڵی میدیای دانیمارك خەزرەجی لەکوردستانە لەباژێری کۆیە، وەڕۆژنامەی پۆلەتیکن لەهەواڵی چەندڕۆژ لەمەوبەریدا دەبێژێ کە تەنانەت ڕۆژنامەی{دیرشپیگڵ}ی ئەڵمانیش دیمانەی لەتەکدا ئەنجامداوە٠

٢. دادوەری گشتی کە دۆسیەکەی خەزرەجی گرتۆتە ئەستۆ لەم یەکدووڕۆژەی ڕابووردوودا{ دۆسیەی دادگایی} تایبەت بە خەزرەجی پێشنیار بە بەشی سکاڵاوجنایەت لە پەرلەمانی دانیمارك کرد٠بەم پێیە هەرکاتێك خەزرەجی دەستگیربکرێت ڕاستەوخۆ دەدرێتە دادگا٠

٣. شتێکی دیکەی گرنگ کە بەمنزیکانە ئاشکرابوو ئەوەیە کە پۆلیسی گشتی پاش تێپەڕبوونی چێنج کاتژمێر بەسەر ونبوونیدا ئەوجا کەوتوونەتە خۆیان وئەلارمیان لێداوەو پۆلیسی بەندەرەکان و فرۆکەخانەو ڕێگاوبانیان ئاگادارکردووەتەوە٠ ئەمەش تەنگەژەیەکی مەزنی بۆ خولقاندوون ٠ بۆپاساودانی ئەم خەمساردییەیان دەبێژن گەرەکمانبووە بەتەواوی دڵنیابین لە ونبوونی ٠

٠٤ لەژێر فشاری حزبە ئۆپۆزشیۆنەکاندا وەزیری داد نامەیەکی ڕەسمی ئاراستەی باڵوێزخانەی ئەمەریکا کرد٠ کە تێیدا داوای زانیاری دەکات سەبارەت بە ڕۆڵی باڵۆێزخانەو CIA لە ونبوونی خەزرەجیدا٠




www.kurdistannet.org